# مێژوو ومەلەفی بەرنامەی ئەتۆمی ئێران و ووردەکاریەکانی ....

**ئەندازیاری کارەبایی : تاریق فەقێ عەبدولا**



**بەشی دووەم : مێژووی بەرنامەی ئەتۆمی وکارگە وئەو شوێنانەی بەرنامەکەی تیا بەڕێوەدەچێت ...**

**لەبەشی یەکەمدا باسی یۆرانیۆم وبەکانزاکردنی وئەو جۆرەی بەکاردێت لە دروست کردنی بۆمبی ئەتۆمی _ مان تاوتوێکرد وپێناسەیەکی زانستی ئەو پرۆسە و کارلێکردنە کیمیاویانەی لەگەردیکی یۆرانیۆمدا ڕوودەدەن کرد .لەم بەشەدا تیشك دەخەینە سەر کارگە وئەوشوێنانەی تەرخان کراون وبەشێوەیەکی ئاشکرا یان نهێنی بەرنامەی ئەتۆمی تیا بەڕێوەدەچێت ...**

**پرسیارێك کە زۆرگرنگە وهاوتەریب لەگەڵ نیگەرانی ودلەڕاوکێ نیودەولەتیەکاندا لەبارەی بەرنامەی ئەتۆمی ئێرانەوە دەروات ، خۆی دێنێتە ئاراوە بۆ زیاتر تێگەیشتن وبەرچاو ڕوونی ئەم نەخشەیەی لای خوارەوە بەکاردێنین ( کەبەداخەوە لەبەر ئەوەی بەجۆری ( پی دی ئیف ) بوو نەکرا ناوەکان بەکوردی بنوسرێن ،**




**بوشەهەر _ ووێستگەی دروستکردنی کارەبا بەووزەی ئەتۆمی**

**بەرنامەی ئەتۆمی ئێران لەساڵی 1974 ەوە دەستی پێکرد ، ئەمەش لەگەڵ دروستکردنی ووێستگەیەکی دروستکردنی کارەبا بەووزەی ئەتۆمی لەبوشەهر ئەمەش بەهاوکاری پسپۆڕانی وولاتی ئەلمانیای ڕۆژئاوایی ئەو سەردەمە.**



وویستکەی بوشەهر بۆ ووزەی ئەتۆمی (image: DigitalGlobe)

بەڵام ئەم پرۆژەیە دوای ڕوخانی ڕژێمی شاهنشای ئێرانی وگرتنەدەستی دەسەڵات لەلایەن سەرکردایەتی ئەو شۆڕشەی بەشۆڕشی ئیسلامی ئێران ناسراوە ،هەڵوەشێنرایەوە هەرچەندە بۆ پێنج ساڵ بوو کاری تیاکرابوو ، بەلام لەساڵی 1992 دیسانەوە حکومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران لەگەڵ ڕووسیا ڕێکەوتنێکی مۆرکردەوە بەپێی ئەو ڕێکەوتننامەیە دیسانەوە دەست کرایەوە بەکارکردن لەو شوێنە واتا وویستگەی بوشەهر .لەو شوێنە ئەتۆمیە دوو کارگە دروستکرا بۆ ئاو بەرهەم هێنان ( ئاوی قورس ) کەبەکاردەهێنرێت لەبەرنامەی ئەتۆمیدا ، بەگوێرەی ڕاپۆرتەکانی وەکالەتی ووزەی ئەتۆمی نێودەولەتی ئێستا یەکێکیان لەسەروبەندی تەواوبوون دایە .

## شوێنی دووەمی ئەتۆمی ئێران ...ئەسفەهان .. وویستگە بۆ گۆڕینی یۆرانیۆم



کارگەی ئەسفەهان بۆ گۆڕینی یۆرانیۆم

ئێران بۆ خۆی کارگەیەکی لەئەسفەهان دروست کردووە بۆ گۆڕینی یۆرانیۆم بۆ شێوەی جیاوازی وەك

* ) گازی شەشانە ( شەش پاڵو ) فلۆرید کەبەکاردەهێنرێت لەبۆریەکانی گواستنەوەی گازدا

* ) ئۆکسیدی یۆرانیۆم کەبەکاردەهێنرێت لەکارگەکانی سوتەمەنیدا ، بەلام ئەمە ئەو جۆرە نیە کە ئێران بەکاری دەهێنێت .

* ) کانزا کەبەزۆری بەکاردەهێنرێت لەبناغەدانانی تەقەمەنیە ئەتۆمیەکان ووەکالەتی ووزەی ئەتۆمی نێودەولەتی ترسی هەیە لەئامانجی ئێران لەدروست کردنی ئەم کانزایە چونکە کارگەکانی ئەتۆمی ئێران پێویستیان بەم کانزایە نیە وەك سوتەمەنی .

## شوێنی سێیەمی ئەتۆمی لەئێران ....ناتانز وویستگە بۆ پاکژکردنی ( وەك زمانی ڕۆژنامەوانی کوردی بەهەلە ناوی ناوە پیتاندن ) یۆرانیۆم

ئێران بۆ ڕازی کردنی وولاتانی ڕۆژئاوا کارکردنی لەم کارگەیە بۆ پاکژکردنی یۆرانیۆم لەناتانز لەساڵی 2003 ڕاگرت ،بەڵام هەر دوای ماوەیەکی کورت دەستی کردەوە بەکارکردن لەم کارگەیە ،لەڕاپۆرتێکی نهێنی وەکالەتی ووزەی ئەتۆمی نێودەولەتی کە دزەی کرد بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاند هات کە یۆرانیۆم بەپلەی داواکراو بۆ چەك دروست کردن لەچەند شوێنێك کە خۆڵەکەی وەك نموونە وەرگیرا بوو بۆ تاقیگە دۆزرایەوە ، هەرچەندە ئێران ئۆباڵی ئەو یۆرانیۆم دۆزینەوەی خستە ئەستۆی ئەو کەرەسە وئامێرانەی لەدەرەوە بۆی هاتوون بۆ بەکارهێنانیان لەکارگە ئەتۆمیەکانیدا ( بەوەی گوایە ئەوانە پیس بوون وپاك نەکراونەتەوە کاتێ

نێردراون بۆ ئێران ) ، دواتر راپۆرتێکی تری کە گوایە سەربەخۆ بووە تەئکیدی لەو پۆزشهێنانەوەی ئێران کردەوە بەلام رۆژئاوا ئەوەندەی تر کەوتنە گومانەوە لەئێران .

بەگوێرەی هەندێك لەراپۆرتەکان ئەوا کارگەی ناتانز کاتێ کارەکانی تەواوکردنی تەواو دەبێت نزیکەی 50 هەزار بۆری گواستنەوەی گازی زۆر پێشکەوتوو لەخۆدەگرێت بەجۆرێك کەلەتوانای ئێراندا دەبێت ئەو رێژە یۆرانیۆمەی پێویستی پێ دەبێت بۆ بەرهەم هێنانی 20 جۆرە چەکی ئەتۆمی لەماوەی یەك سالدا بەرهەم بێنێت .هەرچی چەند راپۆرتێکی ترە دەڵێن کە ئەم کارگەیە پاش کۆتایی هاتنی مەرحەلەی یەکەمی تەواوی پرۆژەکە 5000 بۆری دەبێت بۆ گواستنەوە ، لەگەڵ ئەم ژمارەیەشدا دەتوانێت ئەوەندە یۆرانیۆم بەرهەم بێنێت کە بتوانێت هەندێ چەکی ئەتۆمی لەهەرسالێکدا بەرهەم بێنێت بەلام بەرێژەیەکی کەم .

## شوێنی چوارەم .... ئاراك ... وویستگەی ئاوی قورس

بۆیەکەمجار چەند ئاماژەیەك بەرچاوکەوتن بەوەی کۆمپانیا وکارگەی گەورە هەن بۆ دروست کردنی ئاوی قورس لەنزیك شارۆچکەی ئاراك ، ئەمەش کاتێك چەند وێنەیەکی ئاسمانی ئەو کارگانە توانرا بەشێوەیەکی روون بگیرێن ، ئەم وێنانە کەلەلایەن دەزگای زانست وئەمنی نێودەولەتی ئەمەریکاوە لەمانگی کانونی یەکەم ( دیسەمبەر ) ی 2002 بەدەست هات ، ئەوجا ئێران پاش بلاو بوونەوەی ناچاربوو دان بەوەدا بنێ کەبەڵێ ئەو کارگەیە هەیە لەنزیك ئاراك .

ئاوی قورسیش بۆ دووجۆر ئامانج ومەبەست بەکاردەهێنرێن



وێنەی 2002 ی ئاراك .DigitalGlobe )

1 ) لەجۆرە کارگەیەکی ئەتۆمی تایبەت کەبەم ئاوە ئیش دەکات وئێرانیش ئەو جۆرە کارگەیەی نیە کە ئێستا دروستیان دەکات وتەواو نەبوون .

2 ) یان بەکاردەهێنرێت بۆ بەرهەم هێنانی پلوتۆنیم بۆ بەکارهێنانی لەبەرهەم هێنانی بۆمبی ئەتۆمی . ( کە ئەمە خالێکی زۆر سەرەکی گومان دروست کردنە لای رۆژئاوا ) .


سەرچاوەکانی سوود لێوەرگیراوی ئەم بەشە :

* ) سایتی ئەلکترۆنی بی بی سی _ راپۆرتی تایبەت 05 /01 / 2207

* ) ئەرشیفی دەزگای زانست وئەمنی نێودەولەتی ئەمەریکا

* ) گلوبال : نیو ساینتست مەگەزینس / 1155